ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
83
10 ی ئایار/ مەی 2024

## هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ڕەفەح! دوا بزمار لە تابوتی زایۆنیزم و هاوپەیمانە جیهانیەکانی

بەیاننامەی ژمارە ٦ی سێ حیزبی کۆمۆنیستی- کرێکاری لە ناوچەکەدا ........................ لاپەرە ٨



## یاریکردن بە هەڵبژاردن!

عوسمانی حاجی مارف

لاپەرە ٣



## بەرگری لەئازادی پێویستی بە پتەوکردنی ریزی ئازادیخوازنە!

ووتەی دەشتی جەمال لەبەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە لەندەن ٥/٥/٢٠٢٤

لاپەرە ٥



## ئایارێکی جیاواز!

بنار مستەفا

بۆ لاپەرە ٦

## ئاڵوگۆڕ لە رێگەی پرۆژە ئابوریەکانەوە!

عوسمانی حاجی مارف

لاپەرە ٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## لەنێوان تاران و واشنتۆندا!



موحسین کەریم

دۆخی سیاسی کوردستان و ئایندەی حکومەتی هەرێم، ململانێی یەکێتی و پارتی بەو ئاقارەدا بردوە کە نەتوانن لەرێگای گفتوگۆی نێوان خۆیانەوە بەئاکامێک بگەن، بۆیە بەناچاری دوبارە، چۆن ساڵی ١٩٩٨ مەسعود بارزانی و تاڵەبانی باوک لەسەر دەستی مادلین ئۆلبرایت لە واشنتۆن دەستی ئاشتبوونەوەیان خستەناو دەستی یەکتر، ئاواش نێچیرڤان بارزانی و بافڵ تاڵەبانی، لە دەرگای وولاتان دەدەن بۆئەوەی بەفریایان بگەن و لەو گێژاوەی تێیکەوتوون دەربازیان بکەن.

رەوتی رووداوە سیاسیەکانی عێراق بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا یەکسەرە بێتەوە. ئەو دۆخە سیاسیەی کە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١و دوای ئەویش لە ساڵی ٢٠٠٣وە وەکو ناوچەیەکی نیمچەسەربەخۆی سیاسی و ئیداری و تاڕادەیەکی زۆرریش ئابوری، بەخۆیەوە بینی، بەرەو کۆتایی چووە. پرۆسەی گرێدانەوەی هەرێمی کوردستان بە عێراقەوەو حکومەتی هەرێم وەکو بەشێک لە دەسەڵاتی خۆجێی حکومەتی ناوەندی دەستی پێکردوە. بەڵام بوونی دوو هێزی چەکداری حوکمڕان لە هەرێمی کوردستان کە هەریەکەیان لەناو هاوکێشەی هەرێمیدا بەسەر ئێران و تورکیادا، دابەش بوون، هۆکاری ئەوەیە کە

بۆ لاپەرە ٢

# درێژەی............ لەنێوان تاران و واشنتۆندا!

پرۆسەکە بەسانایی نەچێتەپێشەوەو رووبەرووی هەندێ پێچ و گرێوگۆڵ بێتەوە.
یەکێتی کە لە ململانێی لەگەڵ پارتیدا لەناوخۆی کوردستان و لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم بەبنبەست گەیشتووە توانای لاسەنگکردنی هاوکێشەکەی نیە، لەگەڵ گەڕانەوە بۆ بەغدا و بۆ ژێرسایەی حکومەتی ناوەندی کێشەیەکی ئەوتۆی نیە، بەوهۆیەی کە حکومەتی عێراقیش لەژێر کاریگەری و نفوزی سیاسی و بڕیاری سیاسی ئێراندایە و یەکێتی پێیوایە کە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی لەو چوارچێوەیەدا مسۆگەر دەبێ. بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق سەبارەت بە پەرلەمانی هەرێم، وەکو بڕیارێک لەدژی پارتی و لە بەرژەوەندی خۆی لێک دەداتەوە. بەڵام هەرچی پارتیە، سەرەڕای ئەوەی کە دەزانێ هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەی نیە بێجگە لە قبوڵکردنی دەسەڵاتی ناوەند بەسەر هەرێمدا، لەگەڵ ئەوەدا نایەوێ بە سانایی تەسلیم بێت و دەیەوێ پێگەیەکی باڵاتر و کاریگەرتر لەیەکێتی بۆ خۆی لەدەسەڵاتی ناوەندا مسۆگەربکات. بۆ ئەو مەبەستەش دەیەوێ سوود لەو پێگەو دەسەڵاتەی لەهەرێمدا هەیەتی، لەپاڵ پەیوەندیەکەی لەگەڵ تورکیادا کە یەکێکە لە دوو یاریزانی ناوچەکەو تاکتیکی بەرچاویش هەم کاریگەری هەیە لەسەر دۆخی سیاسی عێراق و کوردستان و هەم دەتوانێ دەوری کاریگەتر لە داهاتوودا بگێڕێت، وەربگرێت.
سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئێران، دوای سەردانەکەی بۆ بەغدا و کۆبونەوە لەگەڵ سەرۆکی گروپە چەکداریەکانی سەر بە ئێران کە دەسەڵاتی سیاسی بەکردەوەی عێراق و حکومەتی عێراقیان بەدەستەوەیە، وە دانیشتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆئەوەیە کە لەڕێگای دانی ئیمتیازی سیاسی و ئەمنی بە ئێران، ئاراستەی بڕیاری سیاسی عێراق بە قازانجی پارتی پێچەوانە بکرێتەوەو فشارەکانی لەسەر کەم بکەنەوە. ئەوەی کە نێچیرڤان بارزانی چی بەڵێنێکی سیاسی و ئەمنی بە دەوڵەتی ئێران داوە، دیار نیە، بەڵام لە ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی نێچیرڤانەوە دەربارەی سەردانەکەی بۆ ئێران ئەوەی پێوە دیاربوو، کە تارادەیەک ڕژێمی ئێرانیان لەڕووی ئەمنی و سیاسیەوە خاترجەم کردووە. یەکەم کاردانەوەی ئەم سەردانەش بڕیاری ڕاگرتنی ڕێوشوێنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو لەلایەن دادگای فیدراڵیەوە گوایە تا ئەوکاتە سکاڵاکەی مەسرور بارزانی دژ بە بڕیارەکانی پێشووی دادگای فیدراڵی بەجێگایەک دەگات! ئاکامی ئەوەی کە دادگای فیدراڵی چ وەڵامێک دەداتەوە بە سەرۆکی حکومەتی پارتی، بەندە بەوەی پارتی وەفادار دەبێت بۆ ئەو بەڵێنانەی کە داویەتی بە ڕژێمی ئێران یان نا!؟
بەڵام سەردانەکەی باڤڵ تاڵەبانی بۆ ئەمریکا چ ئامانج و ئاکامێکی دەبێت!؟ لەکاتێکدا باڤڵ تاڵەبانی و یەکێتی خۆیان بە بەشێک لەو ئاراستەیە دەزانن کە لە بەغدا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە!
مەسەلەکە بەسادەیی ئەوەیە کە یەکێتی، سەرباری نزیکایەتی و خۆشخزمەتی بۆ ڕژێمی ئێران، سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ هێزە شیعە دەسەڵاتدارەکانی عێراقدا خۆیان بە شەریکی سیاسی دادەنێن، بەڵام پێگەی سیاسی و چەکداری یەکێتی بەوجۆرە نیە کە ئێران و حکومەتی ناوەندی حسابی زۆر گەورەی لەسەر بکەن و هەموو بوون و نەبوونی خۆیان لە پەیوەند بە دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و دۆخی ئەمنیەوە بەوەوە گرێبدەنەوە. ئێران و حکومەتی ناوەندی ناچارنین ئیمتیاز بدەن بە هێزێک کە خۆی تەسلیم کردوون، بەڵکو ئامادەی دانی ئیمتیازی سیاسین بەو هێزەی کە دەبێ دەستەمۆی بکەن!
بەوجۆرە سەردانەکەی باڤڵ تاڵەبانی بۆ واشنتۆن، نەک ئێران، بەو ئومێدەیە کە بتوانێ پێگەیەک بۆ یەکێتی لای ئەمریکا لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا پەیدابکات و پشتیوانی ئەمریکاش لە پەیوەند بە پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە لەبەرژەوەندی حزبەکەی بەدەست بهێنێت.
بەڵام نە یەکێتی ئەو پێگەیەی لای ئەمریکا دەبێت و نە ئەمریکاش خۆی لە ناوچەکەدا پێگەیەکی ئەوتۆی هەیە تا بتوانێ کاریگەری جدی لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکان هەبێت لە عێراقدا. شکستی سیاسی و سەربازی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا، بەتایبەتی دوای شەڕی غەززە و پشتیوانی لە ئیسرائیل، جێگەیەکی ئەوتۆی بۆ دەخالەتگەری سیاسی ئەمریکا نەهێشتۆتەوە. بۆیە پێدەچێت فایلەکانی دەستی باڤڵ تاڵەبانی بە سپیتی بگەڕێنەوە!

★

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبە: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# یاریکردن بە هەڵبژاردن!

عوسمانی حاجی مارف

پارتی دیموکراتی کوردستان وەک نارەزایەتیەک بەرامبەر بە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ناکات.

ئەم بڕیاری بایکۆتەی پارتی لەم هەڵبژاردنەدا کە بڕیارە مانگی حوزەیرانی داهاتوو ئەنجام بدرێت، دۆخی هەرێمی خستوتە سەر لێواری قەیرانێکی سیاسیەوە، چونکە پارتی وەک هێزێکی بۆرژوا ناسیۆنالستی میلیشیایی، نوێنەرایەتی دیارترین هێزی چەکداری سیاسی هەرێم دەکات، ئەو حزبەیە کە کۆنترۆڵی زۆرترین دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کردوە.

پارتی لە هەولێدا بۆ دەرچوون لەو سەختیانەی لە چوارچێوەی ئەم هەڵبژاردنەدا چاوەڕوانی دەکات، ئەوە باش دەزانێت گەر بەمەرجەکانی دادگای فیدراڵی بەشداری لەم لە هەڵبژاردنەدا بکات، هەرەشە دەبێت لەسەر دەسەلاتەکانی، چونکە وەک یاری قومارێک بۆی دەروانێت، کە پێش وەخت دەزانێ خۆی دۆراو دەبێت. بۆیە خۆی و دۆخەکەو لایەنەکانی تری بەم بایکۆتە خستوتە نێو دوڕییانێکەوە کە پێشبینی ناکرێت ئەم یاریە بەچ سەرەنجامێک دەگات!

ئەم بڕیارەی بارزانی لە کەشێکی سیاسی پڕ لە ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدا و هەروەها ململانێی حزبی لەناو خودی هەرێمدایە کە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا بەڕێوەیە. ئەم بڕیارەش کێشەکانیان دەباتە ئاستێک کە ڕێنەکەوتنی نێوانیان دژوارتر دەکات! ئەو دوو حزبە خەریکی شەڕێکی کەمەرشکێنن لەبەرامبەر یەکتردا.

بەمانایەک یاریەکە بەجۆرێکی وەها مامەڵە دەکەن کەدەبێت لایەک بدۆڕێت و لایەک براوە بێت. وا پێدەچێت بارزانی لە ئێستادا ئامادەی ئەم جۆرە یارییە نیە، هەربۆیە بەشدارینەکردنی ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی لەم هەڵبژاردنەدا، دەورانێکی ئاڵۆزتر دەخاتە بەردەم چارەنوسی زۆنی زەردو زۆنی سەوز.

بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق کەلێنی نێوان پارتی و یەکێتی فراوانترکردوە، بەتایبەتی کە یەکێتی لەمیانەی بەرژەوەندیەکانی هێزەکەی و بە ئاراستەی لاوازکردنی پێگەی پارتی پێشوازی تەواوی لەو بڕیارانە کردوە، لەهەمانکاتدا یەکێتی وەک ئەوەی هەنگوینی لەدارادا دۆزیبێتەوە، پەلەدەکات و وەها نیشان ئەدات براوەی یاریەکە دەبێت. ئەمەش لە ناامادەیی پارتیەوە ئەم سنگ دەرپەڕاندنە نمایش دەکات، دواینجار باڵ لەڕێگەی کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیەوە پەیگیری لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکات. بەڵام لە دواجاردا مەسرور بارزانی لە ڕێگەی دانی سکاڵایەک بە دادگای فیدراڵی، توانی تا کاتی دەرچونی بڕیاری دادگا، هەڵبژاردن هەڵپەسێرێ.

بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی قەیرانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان خستە بەردەم وەرچەرخانێکی نوێوە لەبەرامبەر بارزانی و پارتیدا، ئەمەش پارتی ناچارکرد بە هەڵوێستی بەشداری نەکردن، ڕێگە بەجێبەجێبونی پرۆسەی هەڵبژاردن بگرێت و دۆخەکە دژوارتر بکات، پابەندبونی پارتی بە بڕیاری بایکۆتەوە، هەرێمی کوردستانی خستە بەردەم چەند سیناریۆیەک، کە لەوە دەچێت، عێراق بەرەو پرۆسەی کێشەی سیاسی زیاتر لە پەیوەندی بەغداو هەولێردا پێکبهێنێت، دواتر چونەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغداو تاران هەولێکە بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوکێشیەو پاراستنی دەسەلاتەکانی پارتی، تا لە کەین و بەینی ئەو قەیرانەی بەبەشداری لە هەڵبژاردندا دەرگیری دەبێت بەسەلامەتی بێتە دەرەوە!.

هەڵوێستی بێسازشی بارزانی و وەستانەوەی لەبەرامبەر باڵدا کە هاوبەشن لە حوکمڕانی لە هەرێمدا، دەرگای بەڕوی کۆمەڵێک پرسیاردا کردەوە سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردن، کە ئایا بەبێ بەشداری پارتی کە لایەنی زاڵە لە حکومەتی هەرێمدا، مانایەک بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن دەمێنێتەوە؟ یان پارتی کە کاریگەریەکی قووڵی هەیە لەسەر ئاستی ئیداری و سەربازی، ئاخۆ ئەم دۆخە ئاڵۆزە ناگەرێنێتەوە بۆ سیستەمی حوکمرانی ئەو دوو ئیدارەیەی کە لە دوای شەڕی ناوخۆ لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا زاڵ بوو؟ گەر دووئیدارەیی بێت چۆن ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر شەرعیەتی داهاتووی دامودەزگاکانی هەرێم و پێگەی یاساییان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

بایکۆتی هەڵبژاردن لەلایەن پارتیەوە کاردانەوەیە لەبەرامبەر ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی عێراق، کە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم دەرچوو. دادگای فیدراڵی بڕیاری کەمکردنەوەی ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانی هەرێم بۆ سەد کورسی دەرکرد، بە هەڵوەشاندنەوەی یازدە کورسی تەرخانکراو بۆ کەمینەکان، جگە لەوەی هەرێمەکە بۆ هەڵبژاردن دابەش دەکات بۆ چوار بازنە، لەبری بازنەیەک، هاوکات ئەو بڕیارانەش گۆڕینی شێوازی خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی لەخۆگرتبوو، ئەم بڕیارانەش ئاشکرایە بە سنووردارکردنی دەوری بارزانی و دەسەلاتەکەی لە

هەرێمدا دەشکێتەوە، بەشداری لەهەڵبژاردنێک کە دادگای فیدراڵی بڕیاری لەسەرداوە کاریگەری جدی لەسەر پێگەی پارتی و بارزانی دەبێت، بۆیە داوای دواخستنی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی بایکۆتیان کردوتە قەڵغانی بەرگری.

بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق دژی بەرژەوەندی بارزانیە، کە کۆنترۆڵی سەرەکی دەسەلاتە لە هەرێمدا، بە بیانووی ئەوەی کە لەڕووی هەڵبژاردنەوە سوودمەند بووە لە کورسیەکانی کۆتاکان بۆ زیادکردنی قەبارەی بلۆکەکەی، هەروەها لەلایەن نەیارانی سیاسی و ڕکابەرەکانیەوە تۆمەتبارکراوە بە دەستکاریکردنی سەرچاوە داراییەکانی هەرێم، مەبەست لەوپارەیەیە کەلە بەغداوە دەگوێزرێتەوە بۆ هەرێم، کە دابینکردنی دارایی مووچەی فەرمانبەران دەگرێتەوە.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدەین، خودی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی سەرەنجامی سیاسەتێکە کە حکومەتی ئێستای عێراق پیادەی دەکات، لە ڕێڕەوی سیاسەتی ناوەندبوونەوەی عێراقدا لەسایەی دەسەلاتی لایەنە شیعەکان، بەتایبەتی "چوارچێوەی هەماهەنگی" کە ئێستا لەدەسەلاتدایە، بە پابەندبونی بە سیاسەتی و بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دەوردەبینێ لە پیادەکردنی بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی.

هەر ئەم ئاراستەیە لە نەخشەو سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق، کاریگەری تەواوی لەسەر قەوارەی هەرێم و پێگەی بارزانی و پارتی داناوە. ململانێکانی بەغداو و هەولێر لە دۆخ و ئاستێکی تر لە پەیوەندیدایە، کە دوای چەندین ساڵ لە بانگەوازی دەسەلاتی سەربەخۆی بارزانی، ناچار بە ملکەچی و گەرانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی کراوە.

سەردانی ئەم دواییەی نێچیرەڤان بارزانی بۆ بەغداو چاوپێکەوتنی لەگەڵ سودانی و وەزیرەکان و کۆمەڵێک سەرکردەی حزبە سیاسیەکان لە کۆبونەوەی هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەتدا، وە زۆرێک لەو لایەنانەی هاوبەشن لە دەسەلاتی سیاسی لە عێراقدا، بۆ ئەوەبوە کە هەڵبژاردن دوابخرێت بۆ مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، بەڵام لەم بارەیەوە وەلامێک کە دۆخەکە بۆ پارتی یەکلایی کاتەوە تائێستا بەدەست نەهاتووە، بارزانی پێداگری لەسەر بایکۆت و باڵ پێداگری لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنە لە کاتی خۆیدا. لەهەمانکاتدا پارتی تەنها هەڕەشەی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمدا ناکات، لە هەمانکاتدا تێدەپەرێت بۆ کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراق بە گشتی.

لەکاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان کاتەکانی بە دواخستنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەسەر دەبات، پێداگری یەکێتی و لایەنەکانی تر لەسەر هەڵبژاردن ناتوان مانای عەمەلیبونەوەی هەڵبژاردنێک بە بێ پارتی ڕۆشن کەنەوەو دەتوانن چی بکەن؟ لەهەمانکاتدا بارزانیش ئایندەی سیاسەتی ئەم بەشداری نەکردنە تاکەی بەسەر دەبات و چیتر دەکات ڕۆشن نیە، ئەمە تەنها فشارێکە وەک گەمەیەکی سیاسی بۆ پاراستنی هێزەکەی بەکاریدەهێنێ.

لە واقیعەتی سی ودووساڵەی دەسەلاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتیدا،هەمیشە بە بارمتەگرتنی ژیانی خەڵکی کوردستان بەشێکی سەرەکی بووە لە ململانێ و مامەڵەی سیاسی نێوان خۆیان لەبەرامبەر حکومەتی بەغدادا، ئێستاش لە یاریکردنیان بەم هەڵبژاردنە بەردەوامی بە هەمان پرۆسەی بەبارمتەگرتنی ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە دەدەن، بەئاشکرا بنبەستی بەئاکام نەگەیشتنی هەڵبژاردن بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکیدا دەشکێننەوە.

لەلایەکی تریشەوە ئەم مامەڵەیە لە پەکخستنی هەڵبژاردنەکان دەچێتە ناو بۆشاییەکی سیاسی و پەرلەمانی مەترسیدارەوە کە دەستی دادگای فیدراڵی لە بەغدا ئازاد دەکات بۆ بەردەوامبوون لەفشارەکانی لەسەر هەرێم، گەر هاوسەنگی هێز لەنێو هەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراق و ناوچەکەدا بە قازانجی حکومەتی عێراق بێت، فشارەکان لەسەر بارزانی زیاتر دەبێت.

ڕێگایەک کە لەبەردەم ئازادیخوازان و جەماوەری نارازیدایە ناکرێ وەک تەماشاکەرو دادوەرێک چاوەرێی کۆتایی ئەم یاریەو زیانەکانی بن، بەڵکو بە ڕێکخستن و یەکدەستی و ئامادەیی بۆ دابینکردنی دەسەلاتی خەڵک و سەپاندنی ئیرادەی خەڵک، هەوڵدانە بە کۆتاییهێنانی یەکجارەکی هەموو دەسەلاتێکی سەروخەڵکی..

**هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆرش دەیپارێزێت!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# بەرگری لەئازادی پێویستی بە پتەوکردنی ریزی ئازادیخوازنە!

## ووتەی دەشتی جەمال بەرپرسی رێکخراوی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەبەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە لەندەن ٥/٥/٢٠٢٤

ئەمرۆ لە ١٤هەمین سالرۆژی تیرۆری نووسەر و رۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان لەبەردەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبووینەتەوە تا پر بە گەرومان دەنگی نارەزایەتی هەڵبرین.

تیرۆری سەردەشت عوسمان هەوڵێکی دەسەلاتی کوردایەتی بووە بۆ تیرۆری هەموو دەنگیکی نارازی و سەرکوتی کۆمەڵگە، بەشێک بوو لەو زنجیرە تاوان و تیرۆرانەی دەسەلاتدارانی کوردستان بەرانبەر بە ئازادیی بیروڕا دەربرین و رۆژنامەگەری و نەیارانی سیاسی ..ئەنجامیانداوە. ئەمرۆ ١٤ ساڵ بەسەر دۆسیەی کوشتنی سەردەشت عوسمان تێپەردەبێت و ئەم دۆسیەیە لەلای ئێمە و ئازادیخوازان و جەماوەری کریکارو زەحمەتکیشی کوردستان نەک کۆن نابێت، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردستان و خەڵکی ئازادیخواز لەئاستی ئەو تاوانەدا بێدەنگ نابێت، و هەموو سالیک ئەم یادە بەرز رادەگرین بۆ بەرگری و پاراستنی کۆمەڵگا. سەردەشت عوسمان کە ناوەرۆکی سیستەم و دەسەلاتی بۆماوەیی و کۆنەپەرستانەی دایە بەرەخنەی چینایەتی، بووە سومبلی ئازادی وجەربەزەیی. ئالایەکی دایە دەست لاوان کە هۆشیاربن، ریگەی ئازادی واقعی خۆیان قەت وون نەکەن.

ئەم ساڵ لەدۆخێکدا سالیادی تیرۆری سەردەشت عوسمان بەرزرادەگیریت. کە دەسەلاتدارانی کوردستان هیشتا بەردەوامن لەسەرکوتی سیاسی و ژێرپێنانی ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان، هیشتا دەستە نەنگینەکەی لەکاردایە بۆ رفاندن و زینداینکردن و سزادانی هەڵسوراوانی سیاسی و رۆژنامەنوسان و تیرۆری سیاسی و سەرکوتی هەر دەنگێکی ئازادیخواز . دوا راپۆرتی ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی بەڵگەیەکی حاشاهەلنەگری ئەو راستیەن.

ئەو دەسەلاتەی سەردەشتەکانیان تیرۆر کرد، کۆمەلگایان لە هەژاری و بیکاری نەداریدا نقوم کردوە. سەرەتاترین خزمەگوزاریەکانی خەڵک؛ لە ئاو و کارەبا و تەندروستی لەکۆمەلگای کوردستان مالئاوایکردوە..دابونەریتی کۆنەپەرستانە و ژنکوشتن پەرەیگرتوە و زیاتر بووە. ئایندەی کۆمەلگا نائارام و نامەعلوم و خەلکەکەی نائومێدکراوە ، ترس و هەرەشەی ولاتانی ناوچەکە بۆ سەر ژیان و ئارامی خەلکی کوردستان زیاتربووە، بەهەزاران گەنجولاوی ئەو کۆمەلگایە بەئومیدی ئەوەی دوای خوێندنیان رەنجی چەندسالەی خۆیان کۆبکەنەوە بیکارو پەخسیرکراون و خەوی تاڵ دەبیین، بەهەزاران لاو و گەنج رۆژانە فکر لەهەلهاتن دەکەنەوە تا دەستیان لەژیانیکی شایستە گیرببێت. ئەم حیزبانەی ئیدارەی کوردستان دەکەن لەشاخ و لەشار میژوویەکی نەنگینی پر تیرۆر و تاوانکاریان هەیە و ناشرینترین و دراندەنەترین تاوانیان بەرامبەر رەخنەگران و نەیارانی سیاسی خۆیان کردوە..جێگایەکی ئارام نەماوە بۆ نوسەران و هەلسوراوی سیاسی نەیاری دژ بەو دەسەلاتە..بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانیک کە دەنگی نارازی بەرز بکەنەوە داوای مافەکانی خۆیان بکەن، بۆ ئەوانەی رەخنە لە ئیسلامیەکان دەگرن و بیرورای جیاوازیان هەیە، بۆ هەلسوراوانی ژنان کە رەخنە لەدابونەریتی کۆنەپەرستانە و مەلا زمان زبرەکان دەگرن..کۆمەلگایان بە مەعنای کەلیمە نائارامکردوە هەرەشەن بۆ هەموو کۆمەلگا و ئایندەکەی. ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە لەژێر سیاسی هێزی میلیشیایی ئەم حزبانەدا هەموو ماف و ئازادیەک لەژێر هەرەشەو گوشاردایە..سەلماندویانە ئەوان ئاوات و ئامانجە ئینسانیەکانی خەڵک هیچ جێگەیەکی لەکارنامەی ئەم حیزبانەدا نیە.

تیرۆری سەردەشت عوسمان بەشێکە لەمیژووی نەنگینی ئەو تاوانانەی حیزبەکانی دەسەلات کە هەمیشە شاراونەتەوە، لەوەش زیاتر سیناریۆی تەمومژاوی و ناشرینیان بۆ دروستکراوە..ئەمەش بەمانای ئەو کەیسە کەیسیکی سیاسیەو وەک هەموو تیرۆرو کوشتن و تاوانێکی تری دەسەلاتدارانی کوردستان گرێی خواردوە بە کۆتایهینان بەم دەسەلاتە ستەمکارە و بەرپاکردنی دەسەلاتیکی شۆرشگیرانە پشت بەستوو بە ئیرادەی راستەخۆی خەڵک کە بتوانیت داهاتوویەکی درەخشان و ماف و ئازادی و خۆشگوزەرانی خەڵک دەستەبەربکات.

ئێمە لە چواردەهەمین سالیادی تیرۆری سەردەشت عوسماندا سەربارى زیندووراگرتنی ئەم یادە، دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ هەموو دەنگە نارازیەکان و ئازادیخوازانی کوردستان دژ بەم دەسەلاتە ستەمکارەو هەلپیچانی و دادگایکردنی سەرانی تاوانکاری لەدادگای جەماوەریدا. بەرقەرارکردنی ئارامی و ئاسایشی خەلکی کوردستان و ئازادیەکان لەگرەوی هەلوەشاندنەوەی دەزگای پاراستن و زانیاری و هیزە میلیشیاییەکانی ئەحزاب و دەزگای تیرۆر و بەرقەرارکردنی ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی و کۆتایهیان بە عەسکەرتاریەتی حیزبی وە دامەزراندنی دەسەلاتێکی هەلبژێراوی نوێنەرانی خەڵک . ئەمەش پیویستی بە هەوڵ و هیمەتی ئازادیخوازان هەیە . بەرگری لە ئازادی پیویستی بە پتەوکردنی ریزی ئازادیخوازنە!

**یادی سەردەشت عوسمان لەدڵماندا بۆ هەمیشە بەزیندویی دەمێنیتەوە.**

# ئایارێکی جیاواز!

## بنار مستەفا

لە کوردستان و جیهان، ئەمساڵ یەکی ئایار جیاوازی زۆری بوو لەگەڵ ئایاری ساڵانی رابردوو. رۆژی جیهانی چینی کرێکار بەمانای تایبەتی خۆی و وەک سمبوڵی خەباتی چینایەتی و ئەلتەرناتیڤێک بەرانبەر سیستەمی سەرمایەداری خۆی نیشاندا.

جەنگ، برسێتی و گرانی مۆتەکەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی جیهان بووە لە ماوەی رابردوودا. بە ئەزموون دەرکەوتووە، کە سیستەمی سەرمایەداری نەک ناتوانێت خۆشگوزەرانی بۆ جەماوەری ستەمدیدە بەدیبهێنێت، بەڵکو رۆژانە ژیان و گوزەرانیان سەختتر و دژوارتر دەکات. باجی قەیرانی ئابووری بەسەر کرێکاراندا دەشکێننەوە و کەڵەکەی سەرمایەی سەرمایەداران دەپارێزن.

هەر بۆیە ئایاری ئەمساڵ بەرجەستەتر وەستانەوە بوو بەرووی ئەم سیستەمە و حکومەت و دارودەستەکانی، کە هێرشی توندیان بەرووی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بەرێخستووە و نیازی توندکردنەوەی زیاتری هێرشەکانیان.

لەزۆر جێگەی جیهان بەشداری لە چالاکییە ئایارییەکان و بەرزنرخاندنی ئەم رۆژە بە بەراورد بە ساڵانی رابردوو زیاتر بوو. هەروەها خەسڵەتی چینایەتی و نیشاندانی چینی کرێکار، وەک هێزێکی نارازای و ئومێدبەخش بە کۆتایی سیستەمی ئێستا، لەزۆر جێگەی جیهان لە ئایاری ئەمساڵدا بەرووونی دیاربوو.

لە کوردستانیش ئەم جیاوازییە بینرا و بیسترا. چالاکی یەکی ئایاری کرێکاران و بڵاوکراوەی کرێکار لە بازیان، نمونەیەکی تازە و گرنگی خەباتی چینی کرێکاری کوردستانە. بەرزراگرتنی ئەم رۆژە لەلایەن خودی کرێکاران، بەشداری بەرچاویان و بەیانکردنی خواستەکانیان، ئومێد دەداتەوە ئەوەی بابەتی ژیان و گوزەران و خەباتی کرێکاری لەنێوخۆی کرێکاران خۆیاندا زیندوو بێت و بەرەو گۆرانکاری ریشەیی هەنگاوبنێن. ئەمەش دەرگایەکی تر بەرووی خەباتی کرێکاراندا دەکاتەوە و سەرمایەدار و دەسەڵاتداران ناتوانن وەک جاران ئاسان دەست بۆ سەرکوت و چەوساندنەوە بەرن. ئەم چالاکیەی ئایار، گرنگی پرمانای خۆی هەیە و بەردەوامبوونی لە ساڵانی ئایندە، جێگەورێگەی خەباتی کرێکارانی کوردستان دەباتە ئاستێکی باڵاتر.

هەروەها بەشداری زۆری جەماوەر و کرێکاران لە مارشی یەکی ئایار لە سلێمانی، نیشانیدا کۆمەڵگای کوردستان تەنها مەیدانی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی نییە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری بوونی هەیە، کە لەپێناو ئازادی و یەکسانی و کۆتاییهێنان بە ستەم و چەوساندنەوە خەبات دەکات. هێزێکی تر، کە دەکرێت مایەی ئومێدی زۆری بیبەشان بێت، ئەمساڵ فراوانتر خۆی نیشاندا.

بوونی هێزێکی کرێکاری پێداویستیەکی گرنگە لە بەرانبەر دەسەڵات و هێزەکانی تردا، کە دەیانەوێت دۆخ و گوزەرانی کرێکاران لەجێگەی خۆیدا بمێنێتەوە و تەنها لە دەسەڵاتدا گۆرانکاری شکڵی ئەنجام بدەن. لە کوردستانیش ئەزموون کراوە، کە ژیان و گوزەرانی کرێکاران ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت، گەر کرێکاران خۆیان لە مەیدان نەبن و لە پێناویدا نەجەنگێن. تا سەرمایەداریش بمێنێت، رزگاری یەکجاری مەیسەر نابێت. ئایاری ئەمساڵ نیشانی دا، کە هێزی ئاڵوگۆڕ و ژێرەوژوورکردنی سیستەمی ئێستا، بوونی هەیە و خەریکە چالاکانەتر دێتە مەیدان.

# گۆشەیەک لە چالاکیەکانی یەکی ئایاری ئەمساڵ

## ئامادەکردنی:

## نوری بەشیر

یەکی ئایاری ئەمساڵ رەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسی دنیای ئەمرۆ بوو کە کۆمەڵگای ئینسانی گیرۆدەی بووە. بۆرژوازی و سەرمایەداری و حکومەتەکانیان هەربەوە نەوەستاون کە بیکاری، هەژاری، کەمی موچە، گرانی و هەلومەرجی خراپی کار و تد...... بسەپێنێ بەسەر چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش و زەحمەتکێشدا، بەڵکو شەرو کوشتار و کاولکاری، برسێتی، کێشەی ئاوی خواردنەوە، نەبوونی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان و خراپی ژینگەی، کردۆتە ژیانی رۆژانەی زۆربەری زۆری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئەمە سیماکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمرۆیە، کە رۆژانە لەدنیادا نارەزایەتی بەرفراوان بەدژی حکومەتەکان ئەنجامدەدرێت، ئایاری ئەمساڵ بەجیا لەخواستە پیشەیی و ئابوریەکان، خواستی سیاسی لەبەرامبەر هەلومەرجێک کە حکومەتەکانی سەرمایەداری سەپاندویانە بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دیارو بەرجەستەبوو.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و رێکخستنەکانی لە کوردستان و زۆرێک لەوڵاتانی دنیا لەپاڵ ئەو ریزە ملیۆنیە کرێکارو کۆمۆنیست و چەپ و ئازادیخوازانەدا بوو بۆ خواست و داواکاریە کرێکاریەکان و هەم بۆ داواکاریە سیاسیەکان بەدژی کارنامەو سیاسەتی بۆرژوازی و حکومەتەکانیان بەشداری

بۆ دوالاپەرە

# ئاڵوگۆڕ لە ڕێگەی پرۆژە ئابوریەکانەوە!

## عوسمانی حاجی مارف

له ٢٢ی نیسانی ٢٠٢٤،وەزیری گواستنەوەی تورکیا و عێراق و قەتەر و ئیمارات، واژۆی یاداشتێکی چوارلایەنەیان کرد لە بەغدا، سەبارەت بە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی ستراتیژی، بە ئامادەبونی ئەردۆغان و سودانی.

پرۆژەی ڕێڕەوی گەشەپێدان نوێنەرایەتی یەکێک لە پرۆژە ستراتیژیەکانی گواستنەوەی نێوان ئاسیا و ئەوروپا دەکات، جێگاوڕێگای جیۆپۆلەتیکی عێراقیش ئەوە نیشان دەدات کە ئەم پرۆژەیە بۆ زیاتر تێکەڵکردنی عێراقە لەگەڵ پرۆژە ستراتیژیە ناوچەییەکان.

ئەم پرۆژەیە کە پشتگیری لە چین وەردەگرێت، دەچێتە ناو کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی نێودەوڵەتیەوە، بەئاشکرا کێبڕکێی پرۆژەی ڕێڕەوی ئابووری دەکات، کە لەلایەن بایدن سەرۆکی ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرێت، بۆ بەستنەوەی هیندستان و کەنداو و ئەوروپا لەڕێگەی بەندەری حەیفای ئیسرائیلەوە.

پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" ئامانجی بەستنەوەی کەنداو بە ئەوروپایە لەڕێگەی تورکیا لەڕێگەی وشکانی و هێڵی ئاسنین کە درێژیەکەی ١١٩٠ کیلۆمەتری لە خاکی عێراقدایە و لە فیش خاپور لە باکووری عێراق کۆتاییدێت، لەڕێگەی ڕێگاوبان و تۆڕی شەمەندەفەری تورکیاوە دەچێتە ئەوروپا. بەندەری ئەلفاو وەک خاڵی دەستپێکی پرۆژەکە هەڵبژێردرا بەهۆی قوولیەکەیەوە کەڕێگە بە کەشتیە گەورەکانی بارهەڵگر دەدات بەکاربیهێنن.

پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان کە تورکیا بە کەنداوەوە دەبەستێتەوە، بەڕوونی ڕکابەری پرۆژەی ڕێڕەوی "هیندو- کەنداو -ئەوروپا" دەکات. هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا وتی: "کۆریدۆرەکان... ی ووزە و گواستنەوە، ناتوانرێت لە ناوچەکەدا کارا و بەردەوام بێت بەبێ بەشداریکردنی تورکیا.

واژۆکردنی ڕێکەوتنی "ڕێگای گەشەسەندن" هاوکاتە لەگەڵ پەرەپێدانی هاریکاری ئەمنی نێوان بەغدا و ئەنقەرە، دژ بە بوونی پەکەکە لە باکووری عێراق، هەروەها فشارەکانی ئەنقەرە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان ئەو حزب و لایەنە عێراقیانەن کە پەیوەندیان بەئێرانەوەیە. گرنگی ئامانجی جیۆپۆلەتیکی ئەم پرۆژەیە لەئایندەدا لەلایەک دەبێتە دورخستنەوەی عێراق لە کایەی نفوزی ئێران، لەلایەکی ترەوە بەرزکردنەوەی نفوزی تورکیایە لە عێراقدا و دامەزراندنی پەیوەندیەکی پتەوترە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، بەتایبەتی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە لەباری عەمەلی و ئابوریەوە تورکیا زیاتر بە ئەورووپاوە گرێ ئەدات، بۆیە تورکیا گرنگیەکی تایبەت بەم پرۆژەی گەشەکردنە نیشان دەدات، لەهەمانکاتدا پەیوەندی لەگەڵ بارزانی دەچێتە خانەی فەرامۆشیەوە.

پێش واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی چوارقۆڵی لەسەر ڕێڕەوی گەشەپێدان، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق قەدەغەکردنی پەکەکەی ڕاگەیاند، دوای کۆبوونەوەی سیاسی و ئەمنی چڕ لە نێوان لایەنی تورکیا و عێراقی، کە باس لە گەیشتن بەڕێکەوتنێکی تۆکمەی ئەمنی کراوە، کە ئاسایشی ئاو و هاوکاری دژی داعش لەخۆدەگرێت.

قەتەریش شەریکێکی ستراتیژی تورکیایە، دۆحە بەڵێنی بە بەغدا داوە کە١٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان بکات لە دابینکردنی دارایی پرۆژە و خزمەتگوزاریەکانی ژێرخانی عێراق، ئەمەش لەچوارچێوەی پلانەکانە بۆ بەرزکردنەوە و هەمەچەشنکردنی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی. واپێدەچێت لە داهاتوودا پرۆژەکە ڕێگە بە دروستکردنی هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و گاز لە کەنداو و عێراقەوە بۆ ئەوروپا بدات، کە بەشداری دەکەن لە گواستنەوەی غازی قەتەر بۆ ئەوروپا، و لەگەڵ ستراتیژی یەکێتی ئەوروپادا یەکدەگرێتەوە بۆ وازهێنان لە غازی رووسیا.

ئەگەری ئەوە هەیە کە چەند ئاستەنگێک بەرەورووی "ڕێگای گەشەپێدان" بێتەوە، ئەویش وەک زاڵبونی گەندەڵیەکی بەرفراوانە لەسیستمی حوکمرانی عێراقدا، کە کێشەیەکی گەورەیە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا، هەروەها نائارامی سیاسی و ترس لە سەقامگیری دۆخی ئەمنی عێراق، لەلایەکی تریشەوە ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان هەولێرو بەغدا، بەتایبەتی کە لە بارەی ئەم پرۆژەیەوە هیچ جۆرە باس و ڕێکەوتنێک لە گەڵ هەرێمدا نەکراوە.

هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کۆماری ئیسلامی ئێران لەڕێگەی ئەو هێزە میلیشیاییانەی لەعێراقدا پاشکۆی خۆیەتی، پەنا بۆ بەربەست خستنە بەردەم ئەو پرۆژەیە ببات.

کێشەیەکی تریش مەسەلەی تێچونی کەمی گواستنەوەی دەریایی بە بەراورد بە گواستنەوەی زەمینی، بەو پێیەی ڕێگایەکی گەشەپێدانی فرە شێوازە، و پێویستی بە بارکردنی کۆنتێنەر هەیە لەسەر کەشتیەکان بۆ بەندەری فاو و دواتر بارکردنیان لەڕێگەی وشکانیەوە لەڕێگەی بارهەڵگر یان هێڵی ئاسن، ئەمەش پێویستی بە تێچونی کارپێکردنی زۆر هەیە بە بەراورد بە کەشتیوانی لەڕێگەی کەناڵی سوێسەوە. هەرچەندە لەرووی کاتەوە سوودێکی بەرزی کێبڕکێی دابین دەکات، چونکە ماوەی گواستنەوەی کەشتیوانی نێوان ئاسیا و ئەوروپا کورت دەکاتەوە بۆ نزیکەی نیوەی کاتی ئەوەی کە ئێستا لەڕێگەی کەناڵی سوێسەوە دەکرێت.

ڕێڕەوی ئەم پرۆژانە کە بەدوای سی ساڵ زیاتر لە ناسەقامگیری و گێژاوی سیاسی لە عێراق و ناوچەکەدا قسەیان

لەسەر دەکرێت و دەچێتە بەر پرۆسەی جێبەجێبونەوە، نیشانەی هاتنەپێشەوەی دەورانێکی ترە، دەورانێک کە شکستی میلیتاریزمی ئەمریکا و پاشەکشەی لە ناوچەکە، هەروەها کۆتایی ئەو جەنگانەی باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، لەلایەکی ترەوە مانای رەوینەوەی کابوسی شەڕ و سیناریۆی کارەساتباری کوشت و کوشتاری قەومی و مەزهەبیە، کە پێداویستیەکی حەیاتیە بۆ سەرمایەو سەرمایەگوزاری، ملهوڕی میلیشیاکان بەرەو پەراوێز پاڵپێوەدەنێ. ئەمەش بوار بەڕوی شەففابونەوەی ناکۆکی و گەشەی خەباتی چینایەتی و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە عێراق و کوردستان ئاوەڵا دەکات.

دوای دەیان ساڵ جەنگ و وێرانکاری، ئیتر ناوچەکە لەڕوانگەی بەرژەوەندی قازانج و کەڵەکەی سەرمایەوە پێویستی بە دەورەیەک لە ئارامی و ئاسایش هەیە. بۆیە رەوەندی سەرەکی بارودۆخەکە روی لەوەیە دەورەیەک لە سەقامگیری سیاسی و ئاسایش بۆ کەڵەکەی سەرمایە لە ناوچەکە فەراهەم بێت.

دوای زیاتر لە سێ دەیە سەرگەردانی و گێژاوی سیاسی، کوردستان و عێراق و ناوچەکە پێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە و نیشانەکانی ئەو دەورە تازیەش رۆژانە خۆی بەیان دەکات، دەورەی پێشوو کە بە جەنگی ئەمریکا لە دژی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ و لە درێژەی ئەو رەوەندەدا راپەرینی ئازار و پاشان هاتنەکایەی "ناوچەی ئارام" دەستپێکرد، بە کۆتایی گەیشتووە. لەو قۆناغەدا کوردستان بە کردوەوە لە عێراق دابڕا بەبێ ئەوەی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدابنرێت. ئەم دۆخە ژێرخانی ئابوری و بنەماکانی ژیانی مەدەنی لەبەریەک هەڵوەشاندەوە، دەسەڵاتی حزبە بۆرژوازیە بنەماڵەیی و میلیشیایانی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاند و بووە مایەی پاشەوپاشگێرانەوەی کۆمەڵگە لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە.

ئاراستەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە لەدۆخی سیاسی ئەم دەورەیە و دابینکردنی ئاسایش بۆ سەرمایەگوزاری، حەتمیە کە خەباتی کرێکاری و کۆمۆنستی دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەیەک کە دەبێت بەئاگاو هوشیاربێت لە تواناو چۆنیەتی هەڵسورانی سیاسیدا، کە لەمیانەی هاوکێشە سیاسیەکاندا و گۆرینی هاوسەنگی هێزەکاندا، ئەرک و مەسائلی سیاسی تازەتر لە خەباتی سیاسی دێتە پێشەوە، ئەم دۆخە ئەرکێک دەخاتە بەردەم تەواوی هەڵسورانی سیاسیەوە کە پێویستە وەک ئەلتەرنەتیفێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە مەیداندا حزوری سیاسی و میکانیزمەکانی خەباتی سیاسی لەم ئاڵوگۆرانەدا بۆ شۆڕشی کرێکاری دەست نیشان بکرێت.

★

# هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر رەفەح! دوا بزمار لە تابوتی زایۆنیزم و هاوپەیمانە جیهانیەکانی

## بەیاننامەی ژمارە ٦ی سێ حیزبی کۆمۆنیستی- کرێکاری لە ناوچەکەدا

ئەمرۆ ٧ی ئایار، لە دۆخێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ بەرامبەر بە فراوانبوونەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای ئیسرائیل لەدژی خەڵکی غەززە و ترس لەهێرشکردنە سەر رەفەح، ئەو دوا "پەناگایە"ی کە زیاتر لە ملیۆن ونیوێک کەس لەخەڵکی غەززە، کەپاش کۆچپێکردنی زۆرەملێ وهەڵهاتنیان لەژێر باری بۆردومان و کۆمەڵکوژییەکی هەمەلایەنەدا کەلەلایەن قەسابە دەسەڵاتدارەکانی ئیسرائیلەوە بەڕێوە دەبرێ، پەنایان بۆبردووە، جارێکی دیکە حکومەتی سەربازی ئیسرائیل، بە گوێنەدانێکی تەواو بەفشارو داوای جیهان، هیرشی بۆسەر رەفح دەستپێکرد .

گوشارەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتی جیهانی بەرامبەر بە کۆمەڵکوژیەکانی سوپای ئیسرائیل و پارێزەرانی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی لە ئەمریکا و ئەورووپا و لەرۆژهەڵاتی ناوەراست، سەرانی ئەو وولاتانەی ناچار بەکردنەوەی رێگەیەک کردوە بۆ دەربازبوون لەم بنبەست و زەلکاو و کۆمەڵکوژیە و گەیشتن بە رێککەوتنێک. رێککەوتنێک کە لەسەر ئاستی دیپلۆماسی (بە نێوەندگیری حکومەتەکانی قەتەر و میسر) بە پلانی ئاگربەستێک لەنێوان حەماس و ئیسرائیل گەیشت! رێککەوتنێک کە حکومەتەکانی رۆژئاوا و هەموو زلهێزە دەسەڵاتدارەکانی جیهان، سەرەڕای بەشێکی زۆری خەڵک لە ئیسرائیل، بنەماڵەی بارمتە ئیسرائیلییەکان و هەروەها خەڵکی غەززە و بنەماڵەی هەزاران بارمتەی فەلەستینی، دیل و دیلەکانی دەستی ئیسرائیل پێشوازییان لێکرد! دەیان هەزار فەلەستینی بەو هیوایە بوون کە بە ئاگربەست و کۆتاییهاتنی ئەو کوشتارانەی لێیان دەکرێ ئیتر بتوانن تەرمی ئازیزانیان لەژێر باڵەخانە و شار و گوندە وێرانبووەکان دەربهێنن و لە شوێنێکدا بیاننێژن.

لە کاتێکدا لە غەززە، لە دڵی خەڵکی گیرخواردوو لە رەفەح، ترووسکاییەکی ئومێد بەکۆتاییهێنان بەو خوێنرێژییەی کە لە شار و ماڵ و کۆمەڵگاکەیاندا بەرێکەوتووە، گەشابووەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەمریکا، کەوتوتە ژێر فشاری بزووتنەوەیەکی جیهانیی داکۆکیکردن لە خەڵکی فەلەستین و دژ بە کۆمەڵکوژی و پشتیوانیی هەمەلایەنەی دەوڵەتانی رۆژئاوا لە ئیسرائیل، هاوکات لەژێر فشاری بزووتنەوەی

خوێندکارانی نارازی بەدژی ئەو کۆمەڵکوژییەی سوپای ئیسرائیل و پشتیوانی تەواوی سەربازی و دارایی ئەمریکا، کەوتوتە لەرزە، لە هەلومەرجێکدا کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەژێر فشاری نارەزایەتیە یەک لەدوای یەکەکاندا، ڕەوتی قەیرانێکی قوڵی سیاسی تێدەپەڕێنن. لەکاتێکدا زۆرێک لە خێزانەکانی بارمتە ئیسرائیلیەکانی دەستی حەماس و خەڵکی نارازی بەم وەحشیگەریە ڕژابوونە شەقامەکانەوە و داوای ئاگربەستیان کرد، کەچی ڕۆژی دووشەممە، حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل، بەخەڵکی غەززەی لە ڕەفەح، کەزیاتر لە ملیۆن و نیویک زیندانی، ژن، منداڵ، بەساڵاچوو، کەمئەندام، نەخۆش و هیتر، کەئەوییان بەدوا پەناگەیان دانابوو، فەرمانیان پێکرا جارێکی تر "جێگۆڕکێ" بکەن و هەڵبێن! چونکە دەیانەوێت هێرش بکەن! وە ئەمڕۆش سێشەممە دەستی بە هێرشەکەی کردا!

ناتانیاهۆ و کابینە جەنگیەکەی، هەموو ڕێگاکانی هەڵهاتنیان لەبەردەم خەڵکی بێتاوانی غەززەدا داخستوە. ڕێگاکانی گەیشتنی خۆراک و هاوکاریە نێودەوڵەتیەکانیان بەڕووی خەڵکدا داخستوە بۆئەوەی بەتەواوی ناوچەکە کاول بکەن و دانیشتوانەکەشی کۆمەڵکوژ بکەن. هاوکات دەستیاندایە هێرشێک کە خۆی ئامادەیە بۆ بنبەست و نائومێدی و بێئاسۆیی فاشیزمێک کە شکستی هێناوە. بکوژان و ئەو قەسابانەی کە بەخراپ کەڵک وەرگرتن لە دڕندەییەکانی فاشیزمی هیتلەر، ماوەی حەوت مانگە هەمان تاوانی نازییەکان کەبەرامبەر بە جوولەکەکان کراوە، لەدژی خەڵکی فەلەستین ئەنجامی دەدەن! هێرش بۆ سەر ڕەفەح بێئومێدی بزووتنەوەی کۆنەپەرستانەی زایۆنیستیە، کە ئەمڕۆ خوێنی خەڵکی بێتاوانی غەززە و فەلەستینی کردۆتە هەوێنی مانەوەی خۆی!

هێرش بۆ سەر ڕەفەح ڕێگای بۆ هەر جۆرە پاشەکشەیەک و دەرچوون لەو گۆشەگیریە نێودەوڵەتییەی زایۆنیزم و فاشیزمی ئیسرائیل دژی گەلی فەلەستین لای خەڵکی جیهان، هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئەمریکاو ئەورووپا و ئەفریقا و گۆشەگیربوون لای گەورەترین پارێزەرانی لە ئەمریکاو ئەورووپا، نەهێشتۆتەوە. هەوسارپچڕاندنی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و بێ ئایندەییەکەی، هەروەها کرانەوەی دۆسیەی ئەستوری تاوانەکانی و قەسابیکردنی خەڵکی غەززە لەلایەن سوپای لۆمپەن-فاشیستی ئیسرائیلەوە، بەقەد سەرەدەرزیەک لەڕۆڵی وێرانکەر و بەشداری ڕاستەوخۆی سەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و لەپێشیانەوە ئەمریکا لەم جینۆسایدە و لەم لەناوبردنە پلان بۆدانراوەی خەڵکی فەلەستین کەم ناکاتەوە.

بنبەستی زایۆنیزم لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی بێدریخی ئەمریکا و هەموو وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوادا، بنبەستی هەموویان، بنبەست و چەقبەستوویی بۆرژوازی و سەرمایەداریەکی هاوچەرخە کە بەبێ شەڕ و کوشتار و برسیکردن و ڕاونان و دەربەدەرکردنی سەدان ملیۆن لەخەڵکی بێبەش و کرێکاری جیهان ناتوانرێت بمێنێتەوە! ئەم بنبەستەی "دیموکراسی ڕۆژئاوا" بنبەستێکی ئابووری، سیاسی، ئەخلاقی، ئایدۆلۆژی، و کولتووریی بۆرژوازییە، کە بڕیاربوو لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە، خەڵکی جیهان لەڕێگای "ئابووری بازاڕی ئازاد"ەوە بەیەکجاری "ڕزگار" بکات!

دەربازبون لەم بنبەستە، تەنانەت بە کۆمەڵکوژییەکی یەکجارەکی ملیۆنان کەس لە خەڵکی بێتاوانی فەلەستین و خستنەڕێی ڕوباری خوێنی زیاتر بە ئاسانی لەتوانادا نیە! هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ڕەفەح بۆ هەموویان قومارێکی دۆڕاوە. ئەم وەحشیگەریە، ڕوخساری ڕاستەقینەی بۆرژوازی جیهانی و بۆرژوازی و "دیموکراسی" ڕۆژئاوایی و مەودای ماف و مافەکانی مرۆڤی ئەوان نمایش دەکات! نمایشێک کە گوزارشت لە دارمانی بناغەکانی نەزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئەمریکاو دارمانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکەی دەکات.

بەڵام هێرشکردنە سەر ڕەفەح دوا چانسی قومارکردنی ئەم فاشیزمە شکستخواردووەیە! نابێت ڕێگە بدرێت لەوە زیاتر خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە بکەنە قوربانی شکستە مێژووییەکەیان! هێرش بۆ سەر ڕەفەح دەبێ دوا بزمار بێت لە تابووتی زایۆنیزم و فاشیزمی ڕەگەزپەرستی یەهودی و پارێزەرە جیهانیەکانیان!

داکۆتانی ئەم بزمارە کاری چینی کرێکاری جیهانییە، کاری هەمان بەشەریەتی شارستانییە کە تا ئەمڕۆ ئەم دەوڵەتە نازدارەی میلیتاریزمی ڕۆژئاوایی! ئەم هارترین و دڕندەترین و پڕچەکترین هێزە سەربازی و مالی و سیاسیەی بۆرژوازی ڕۆژئاوای، لەخودی ڕۆژئاوادا خستۆتە سەر ئەژنۆ! ئەمە کاری بەشەریەتێکی موتەمەدینە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تا ئەمریکا و ئاسیا و ئەفریقا، کە نایەوێ لەوە زیاتر هەژاری و نەهامەتی و ڕەگەزپەرستی و حکومەتە سەربازی و میلیتاریستی و ئایینی و کۆنەپەرستە یەهودی و مەسیحی و ئیسلامیی و چەوسێنەرانەی کاری مرۆڤ درێژەی هەبێت!

ئێمە سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ناوچەکە خۆمان بە بەشێک لەو هێزەی مرۆڤایەتی دەزانین کە لە مەیداندایە و بەهێزی خۆی بۆ کۆتاییهێنان بەم زەلکاوە هەنگاوهەڵدەگرێت. ئێمە چینی کرێکار و بەشەریەتی موتەمەدین، سەندیکا و ڕێکخراوە کرێکاریەکان، هەموو دامودەزگا و هێزە مرۆڤدۆستەکان و ئازادیخوازەکان لە سەرانسەری جیهان و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بانگەوازدەکەین ڕووبەڕووی ئەم دڕندەییە بوەستنەوە. نابێ ڕێگە بە دەستەی فەرمانڕەوای ئیسرائیل و پارێزەرانی جیهانی و ناوچەییان بدرێت کە بە ئاسانی کۆمەڵکوژییەکی گشتی بەبێ بەربەست ئەنجام بدەن. پێویستە وایان لێبکرێت لە کار و کردەوە تاوانکاریەکانیان پەشیمان بکرێنەوە و هەموو جیهاندا بەرامبەریان بخرۆشێت.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**
**٧ی ئایاری ٢٠٢٤**

# گیان لە دەستدانی حسێن مورادبیگی (حەمە سوور) خەسارەتێکی گەورەیە!

بە داخەوە ئەمڕۆ هەواڵی گیان لەدەستدانی هاوڕێ حسێن مورادبیگی (ناسراو بە حەمە سوور)مان بیست، کە پاش ململانێیەکی چەندین ساڵە لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەدا بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لێکردین.

حەمە سوور خەباتگێڕێکی بەرجەستەی کۆمۆنیستی کرێکاری و مارکسیستێکی شۆڕشگێڕی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بوو. ئەو ڕەمزی مقاوەمەتی چەکدارانەی جەماوەری بوو لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران ، کە لە سەرەتای دەسەڵاتگرتنیەوە دژ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و بە تایبەتیش لە



کوردستان پێی نایە مەیدانەوە. حەمە سوور تێکۆشەرێکی جەسور و پێداگری حزبیەت و باوەڕدارێکی بەهێزی شۆڕشی سۆشیالیستی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو.

بەداخەوە مەرگی ئەم کۆمۆنیستە شێلگیرە، خەسارەتێکی گەورەیە و بە دڵنیاییەوە ژیانئاوایی ئەو جێگەیەکی خاڵی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازیدا بەجێ ئەهێڵێت.

لێرەدا ئێمە سەرەخۆشی خۆمان لە خێزان و کەسوکار و هاوڕێیانی و بەتایبەتیش هاوڕێیان لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری_ حیکمەتیست دەرئەبڕین و لەم خەسارەتە گەورەیەدا لەپاڵیاندا ڕائەوەستین.

یادی خەبات و تێکۆشانی کۆمۆنیستیی هاوڕێ حەمە سوور بەرێز و بەڕێزە.

**سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٥ ی مەی ٢٠٢٤**

---

....درێژەی لاپەڕە ٦

کرد.

ئایاری کوردستان بە پێکهێنانی لیژنە و کۆمیتەکانی ئایار لە سلێمانی و کەرکوک توانیان یەکی ئایار بەرپابکەن. لە سلێمانی کۆمیتەی یەکی ئایار مارش و ڕێپێوانی جەماوەری بەوتنەوەی دەیان دروشمی کرێکارییەوە بەڕێخست، لەناو ئاپۆڕای گەورەو فراوانی چەند هەزار کەسیدا بەیاننامەی کۆمیتەی مەراسیم خوێندرایەوە، دوابەدوای ئەویش یاداشتی خواستە کرێکارییەکان خوێندرایەوە.. بەوتنەوەی سرودی کرێکاری کۆتایی بەڕێپێوان ومەراسیمە هات ....هاوڕێیانی کۆمیتەی سلێمانی حزب وەک بەشێک لەکۆمیتەی یەکی ئایار ئامادەبوون.

هەر لەسلێمانی ناوچەی بازیان بەمەبەستی شکۆدارکردنی ١ی ئایار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار بلاوکراوەی دەنگی کرێکار بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵی هەڵسوراوی کرێکاری بەشداری ژمارەیەکی زۆر لەکرێکاران لەیاریگای بازیان لەژێر دروشمی؛ بەرەو پێکهێنانی دەستە کرێکارییەکان، بە سپۆنسەری میدیایی بازیان میدیا مەراسیمی یەکی ئایاری لە قەزای بازیان ساز کرد.

هەروەها لە کەرکوک کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار کارەکانی ئایاری بردە پێشەوە، لەوانە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری لەناو جەرگەی مەیدانی کرێکاراندا بەڕێوەبرد کە یاداشتنامەیەکی چەندخاڵی تێیدا خوێندرایەوە بەناوی کۆمیتەی مەراسیمی یەکی ئایار. هەروەها بۆ بەدواچون بۆ یاداشتنامەکەیان بەیاوەری کۆمیتەی مەراسیم و چەند حزب و لایەنێک سەردانی پارێزگاری کەرکوکیان کردو باسی هەلومەرجی ژیانی کرێکاران و موچەی کەم و بەکارهێنانی منداڵان بۆکاری قورس و کەمی کرێ و ئیستغلال کردنیان لەلایەن کۆمپانیاکان و هەروەها هەموارکردنەوەی چەند یاسایەک بەقازانجی چینی کرێکار، قسەوباسیان کرد.

لەهەموو مەراسیمەکانی سلێمانی، بازیان و کەرکوک هاوڕێیانێک لە ڕیکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەشداری چالاکانەیان کرد.

لەم وڵاتانەشدا: نەرویج، ئەڵمانیا، سوید، فنلاند، بەریتانیاو کەنەدا، ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و لەهەندێ وڵات بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە لافتەو دروشمی خۆیانەوە لەژێرناوی: بەسیەتی هەژاری و برسێتی، بەسیەتی جەنگ و میلیتاریزم، بەشداری لە مارش و کۆبوونەوە ئایاریەکانیان کرد.

لەهەر وڵاتەدا بەجیا لەدروشمی سەرەکی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکان، کە بەدژی شەڕو کوشتارو کاولکاری بەتایبەت بەدژی کۆمەڵکوژی خەڵکی فەلەستین لەلایەن حکومەتی ئیسرائیل و حکومەتانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا، بوو، بەپێی هەلومەرجی هەر وڵاتەش خواستە کرێکاریەکان بەدژی گرانی و بێکاری و مافەکانی کرێکاران و کەمدەرامەتی کۆمەڵگا بەرزکرابۆوە.

★